کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19:38 20-12-2007

## ڕوونکردنەوەیەک لەجێگری پارێزگاری سلێمانی یەوە بۆ کۆمەڵێک کارمەندی هاتوچۆ

پاش خوێندنەوەی سکاڵاکەتان پێم باش بوو ڕوونکردنەوەیەك لەسەر داواکەتان بدەم و ناوەرۆکی پەیامەکەتان بۆ خوێنەران ڕاس بکەمەوە، پێش هەرشتێك بۆ هەر توێژێکی کۆمەڵگا ئەوە بەشتێکی ویستراو یان ڕێگا چارە ئەزانم کە هەر کێشەیەکی ئیداری یا سیاسی یان کۆمەڵایەتیان هەبێت ڕاستەوخۆ بە شێوەی دەستە و گروپ سکاڵاو داوای خۆیان بۆ لایەنی پەیوەندیدار ئاراستە بکەن بەمەبەستی چارەسەرکردنی، بەڵام پێویستە ئەوەش لە بیر نەکەین مەرج نیە هەر داوایەك خرایە بواری سکاڵاو بەرزکرایەوە بۆ لایەنی بەرپرس بە ڕەواو لۆژیکی بزانرێت. هەروەها پێویستە سکاڵاکان پێش ئەوەی پەل بۆ شتی لابەلاو ناوزراندن و لەکەدارکردنی بەرپرسان بەرن، حەق وایە زیاتر جەخت لەسەرداواو سکالاکەیان بکەنەوە، بۆیە من بەپێویستم زانی کە ڕوونکردنەوە بدەم لەسەر کێشەکەو تەنها یەك لایەنانە خوێنەر حوکم بەسەر مەسەلەکەدا نەدات.

ئەو ڕووداوەی کە لەنێوان پۆلیسێکی هاتوچۆ بەناوی (کارزان) لەگەڵ بەڕێوەبەری هاتوچۆی ناوشار بەناوی (ڕائد سالار) ڕوویدا بۆ هەموو لایەکمان جێگای نیگەرانی بوو، ئەوە جگەلەوەی کە ئێمە پشتگیری لەیاسا دەکەین بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکەیان، هەروەها ئەبی ئەوەش بڵێین کە ڕاستە کە ئەو پۆلیسە بۆ کاروباری هاتوچۆی دیوانی پارێزگا دانراوە، بەڵام ئێمە ناتوانین ببین بە مەرجەع بۆ ئەو، چونکە ئەو پۆلیسی هاتوچۆیەو مەرجەعی یەکەمی بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی هاتوچۆی ناوشارە، ئەبی بەفەرمانی بەڕێوەبەرەکەی لە هاتوچۆ کارەکانی ئەنجام بدات، بەداخەوە ئەو پۆلیسە ئەمەی ڕەچاو نەکردووەو قسەی ناشیرینی کە لێرەدا شوێنی باسکردنی نیە، بە بەڕێوەبەرەکەی داوەو ئەویش فەرمانی دەستگیر کردنی لەڕێکەی پۆلیسەوە بۆ دەرکردووە، واتە فەرمانی دەستگیر کردنی پەیوەندی بە پارێزگای سلێمانییەوە نیە، تەنها ئەوە نەبێت کە ئێمە لە ڕووداوەکە ئاگادارکراوینەتەوەو ئێمە لایەنی یاسامان گرتووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیان، بۆیە لێرەوە هەم خەڵکی کوردستان و هەم کارمەندای هاتوچۆ ئاگادار ئەکەمەوە کە ئێمە لەو ڕووداوە لایەندار نین و بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆی سلێمانی لیژنەیەکی پێك هێناوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بەشێوەیەکی یاسایی، وە ئەوکارمەندی هاتوچۆیەش پاش لیکۆلینەوە لە کێشەکەی ڕۆژێك بەر لە جەژن ئازاد کراوەو دەستگیرکردنیشی بە فەرمانی ئێمە نەبووە.

لەگەڵ ڕێزدا..

جێگری پارێزگاری سلێمانی

2007-12-19

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.